## شاری ئەڵمیرە لە هۆڵەندا بە بۆنەی یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكەی هەرێمی كوردستانەوە ئاهەنگێكیان سازكرد. . . . . . محەمەد جەزا قەرەداغی/

هۆڵەندا



ڕۆژی یەكشەممە ڕێكەوتی 22-01-2006 بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكەی هەرێمی كوردستان لە یەك حكومەتی یەكگرتوودا، بنكەی رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی كوردی ئەڵمیرە لە هۆڵەندا هەڵسان بەئامادەكردنی ئاهەنگێكی پڕ خۆشی وشادی بۆ كوردەكانی دانیشتووی شاری ئەڵمیرە كە ماوەی چەند ساڵێك بوو شاری ئەڵمیرە بێ بەش بوو لەم جۆرە ئاهەنگانە كە لە كاتژمێر 1ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێكرد و هەتا كاتژمێر 5:30 خولەكی خایاند كە ژمارەیەكی زۆر لە كوردەكانی دانیشتووی شاری ئەڵمیرە بە جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگی كوردی و بەرزكردنەوەی ئاڵای پیرۆزی كوردستانەوە بە خۆشحاڵیەوە ئامادەی ئاهەنگەكە بوون كە ژمارەیان نزیكەی 500 كەسێ دەبوو.
سەرەتا پاش پیرۆزبایی و بەخێرهاتنی میوانان لە لایەن بەڕێوەبەر و سەرپرشتیاری ئاهەنگەكە بەڕێز "جیهاد تاهر"ەوە ووتارێك بە بۆنەی یەكگرتنەوە هەردوو ئیدارەكە لەلایەن بەڕێز "جاسم زاوێتەیی" بەڕێوەبەری بنكەی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی كورد لە شاری ئەڵمیرە پێشكەش كرا و پاشان لەلایەن بەرپرسی كەرتی ئەڵمیرە بەڕێز "بەهمەن حەمە سەعید حاجی كاكە" وە ووتارێكی هاوبەش بەناوی كەرتی ڕێكخستنی ئەڵمیرەی ی. ن. ك و ڕێكخراوی ئەڵمیرەی پ. د. ك وە پێشكەش كرا كە پێشتر لەگەڵ بەرپرسی ڕێكخراوی ئەڵمیرە بەڕێز "فاخر بەرواری" ئامادەیان كردبوو، كە بەو ووتارە هاوبەشە بۆ هەموو خەڵكەكەیان سەلماند كە لەمەودوا هەموومان پێكەوە وەكو برا دەست لەناو دەست بەبێ هیچ جیاوازیەك لە نێوان هەموو پارت و ڕێكخراو و چین و توێژ و ئاین و پێكهاتەكانی گەلەكەمانەوە و كار بكەین بۆ بەرەو پێش بردنی ناوی پیرۆزی كورد و كوردستان لە دەرەوەی وولات. وە بە هەوڵ و هیمەتی هەمووولایەكمان بەیەك ڕەنگی و بەیەك دەنگی،

خەبات بکەین بۆ بەدەست هێنانی هەموومافەکانمان و گەڕانەوەی کەرکوك و هەموو ناوچە دابڕاو و تەعریب کراوەکان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان. وە هەردەم بەرژەوەندی گەل بخەینە سەروو بەرژەوەندی حیزبەوە و ببینە پێشەوا و نمونەی بەرزی یەکڕیزی و یەکگرتن بۆ هەموو گەلی کوردستان. کە بەڕاستی ئەو ووتارە هاوبەشە بوە مایەی خۆشحاڵی هەمووئامادەبوان و زیاتر دڵنیابوونیان لە یەکگرتنەوەی ئەم جارەیان و جۆش و خۆشیەکی زیاتری بە ئاهەنگەکە بەخشی و زۆر لە ئامادەبوان دەست خۆشی ئەو هەنگاوە گەورە و پیرۆزەیان لێکردن. وە هەروەها بە ناوی هەردوو ئیدارەکەوە سوپاسی دەستەی بەڕێوەبردنی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کوردی ئەڵمیرەیان کرد بۆ هەڵسانیان بەئامادەکردنی ئەم ئاهەنگە بەم بەبۆنە پیرۆزەوە. وە نوێنەری تەلەفیزیۆنی کوردستان تیڤی لە وەێ ئامادە بوون کە وێنەی ئاهەنگەکەیان گرت و چاوپێکەوتنیشیان لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئامادەبوان دا کرد. وە هەروەها بەڕێز "عومەر زاوێتەیی" بەرپرسی لیژنەی ناوچەی پارتی و کۆمەڵێك لە کەسایەتی ناسراو و سیاسی کوردی بەشەکانی تری کوردستانیش لەوێ ئامادە بوون. وە شایانی باسە کە هەردوو هونەرمەندی لاو بەڕێزان"دژوار سلێڤانی و باخان سەڵاح مەجید" بە دەنگە خۆش و زوڵاڵەکەیان بە کۆمەڵێك گۆرانی و مۆسیقای خۆشی کوردی ئاهەنگەکەیان ڕازاندبووە و خەڵکەکەیان هێنابوە جۆش و لە هەموولایەکەوە ببوە شایی و ڕەش بەڵەك و هەڵپەڕكێ كە هەتا کۆتایی ئاهەنگەکە بەردەوام بوو. وە پاشان ئاهەنگەکە بە ووتەیەکی کورتی نووسەری بەڕێز "مستەفا شەڵماشی" بە سەرکەوتوویی و بەخۆشی کۆتایی هات.